**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

# پڕۆتۆکۆڵەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست :


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێک ...... ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ...... ل٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ...... ل٧١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ...... ل٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ...... ل١٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ...... ل١٠٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ...... ل١٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ...... ل١٧٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ...... ل١٩٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ...... ل٢١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ...... ل٢٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ...... ل٣٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ...... ل٣٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێزدە ...... ل٤٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ...... ل٤٢٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ...... ل٤٤٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ...... ل٤٩١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ...... ل٥٢١

٢- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای ترازاندنی پەیوەندی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی(الدفاع المدني)لە وەزارەتی ناوخۆو، پەیوەست کردنی بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزارەوە.
٣- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ئابووریناسانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

بەڕێزان لەسەر داوای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران خاڵی یەکەم دوا دەخرێ بۆ دانیشتنێکی تر، هەروەها لەسەر داوای بەڕێز وەزیری دارایی خاڵی سێ یەمیش دوا دەخەین بۆ کاتێکی گونجاو، بۆیە کاروباری ئەمڕۆمان بریتی دەبێ لە خاڵی دووەم ئەویش بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای ترازاندنی پەیوەندی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی(الدفاع المدني) لە وەزارەتی ناوخۆو پەیوەست کردنی بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار، بۆیە داوا لەبەڕێزان ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسا دەکەین فەرموو بێتە ئێرە، هەروەها ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی شارەوانییەکان، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەکە دەخوێنمەوە.

**رئاسة مجلس الوزراء**

**«مشروع»**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ماعرضه مجلس الوزراء ، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في / / ٢٠٠٠ مايلي :-

**اولاً:**

فك ارتباط مديريات الدفاع المدني لمحافظات الاقليم من وزارة الداخلية بكافة ملاكاتها وسياراتها والياتها واجهزتها وممتلكاتها ومراكز الاطفاء التابعة لها و ربطها بوزارة البلديات والسياحة من الناحية الوظيفية والفنية.

**ثانياً:**

١- يحتفظ رجل الشرطة والاطفاء بنفس رتبه ودرجاته الوظيفية الحالية و يطبق بحقهم قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخلي رقم (١) لسنة ١٩٧٨ المعدل.
٢- يبقى ارتباط منتسبي قوى الامن الداخلي في مديريات الدفاع المدني بوزارة الداخلية من ناحية التعين والترقية والتقاعد والاستقالة.
٣- يخول وزير البلديات والسياحة الصلاحية المخولة لوزير الداخلية بموجب قانون العقوبات

العسكري رقم (١٣) لسنة ١٩٤٠ المعدل وقانون اصول المحاكمات العسكرية رقم (٤٤) لسنة ١٩٤١ المعدل فيما يتعلق بتوجيه العقوبات لمنتسبي قوى الامن الداخلي في مديريات الدفاع المدني.

٤- لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٥- على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

٦- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەوە پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیران بوو كە لەلایەن لیژنەی یاسا خوێندرایەوە، لیژنەی یاسا راتان لەسەر پرۆژكە چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان**

**ب/رای لیژنە**

نوسراوتان ژمارە ٣٢ لە ١١/١٠/٢٠٠٠ پاش لێكۆڵینەوە وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای دووەم هەموار كردنی یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ١٩٩٣ وەزارەتی ناوخۆ، لیژنەكەمان بەتێكڕای دەنگ پەسەندی پرۆژكەی كرد، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەكەین كە رای لیژنەكەمان بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ گفتوگۆ ودانی بریاری گونجاو لەسەری لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێوە نوسیوتانە پرۆژەی یاسای دووەم، لە پرۆژەكە بریارە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی بەرای من دەبێ بریار بێ، راستە ئەوە خۆی تعدیلی قانونی وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام ئەو تفاصیلەی كە تێدا هاتووە نابێ لە هەیكەلی وەزارەتی ناوخۆ بێتە خوارێ، بۆیە بەلای منەوە ئەبێ وەكو پرۆژەی بریار دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵام نوسراوەكەتان پرۆژەی یاسا نوسراوە، ئینجا ئەبێ اتفاق بكەن ئەگەر یاسایە ئەبێ هەمووی ئەوەی هاتووە ببێ بە یاسا.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای مادده دوو بکەین فەقەرە دوو لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ یەک لەو دوائرانەی کە تابعی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسە(مديريات الدفاع المدني)یە لە محافظاتی اقلیم. ئێستا ئێمە ئەگەر رەبطی بکەین بە وەزارەتی ناوخۆ، راستە خۆی تعدیلی قانونەکەیە ، بەڵام ئەو تفاصیلی خدمەیە لە هیچ قانونی وەزارەتێک نەهاتووە بۆیە، بەلای ئێمەوە ئەو تفاصیلە جائز نییە داخلی هەیکەلی قانونی وەزارەت بێت، وئەگەر بە بڕیار دەربچێت باشترە نەوەکو تعدیلی قانونەکە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.**

**بابەت/ رای لیژنە**

ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە ک/٣٢ لە ١١/١٠/٢٠٠٠ دوای خستنەڕووی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی وەزارەتی ناوخۆ ولیژنەی ناوخۆی ئەنجومەن وگفتوگۆ کردن لەسەری بە تێکڕای دەنگ بڕیار درا کە پشتگیری لە پرۆژەکە بکەن، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی ئێوەش بە یاساتان وەرگرتووە، بە هەموار کردنی یاسا ، وەکو لیژنەی یاسا ، سوپاس. رای لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمەش لەگەڵ رای لیژنەی یاسایە ، موافقین لەسەر دەقی بەندەکان، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی رای ئێوە چییە ؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اللجنة المالية والاقتصادية رقم ج/٢٩ في ١٦/١٠/٢٠٠٠

**السيد رئيس البرلمان المحترم**

م/فك ارتباط مديريات الدفاع المدني

تحية واحتراما

كتابكم المرقم ك/ ٣٢ في ١١/ ١٠/ ٢٠٠٠

اجتمعت لجنتنا يوم ١٦/ ١٠/ ٢٠٠٠ لدراسة ومناقشة مشروع قرار فك ارتباط مديريات الدفاع المدني ومراكزها من وزارة الداخلية وربطها بوزارة البلديات والسياحة من الناحية الوظيفية والفنية وتؤيد لجنتنا بالاجماع مشروع هذا القرار ولكم الامر مع فائق التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ڕوونکردنەوەیەکمان دەوێ ئەگەر زەحمەت نەبێ، مدیریەتێکی دیاریکراو بە پێی قانون کە سەر بە وەزارەتێکە بە پێی یاسا لەو وەزارەتە دەکرێتەوە وداخلی یاسای وەزارەتێکی تر دەکرێت نابێ ڕێگە اصلیەکە بەو شێوەیە بێت یان چۆن دەکرێت ربطی وەزارەتێکی تر بکرێت بە بێ ئەوەی لە یاسای وەزارەتێکی تر لابیرێت وداخلی وەزارەتە نوێیەکە بکرێت تەنها ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە بەنیسبەت فقرە یەک ئەگەر ملاحظە بکەین ئەوەی جەنابت دەڵێی راستە، ئەگەر بریارەکە تەنها برگە یەک بێت بەڵام برگەکانی تر هەمووی پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ناوخۆوە هەیە ئەمەش مەبەستمان ئەوەیە ئەو برگانە هیچ مدیریە عامێک لە هەیکەلی وەزارەت نایەتە خوارێ بەو شێوەیە، ولە وەزارەتەکانی تریش نەهاتۆتە خوارێ، بەڵام ئەگەر برگە یەک بێت مەسەلەکە(فك ارتباط) بێت جائزە بە تعدیلی قانونی وەزارەتی ناوخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا مەبەستمان ئەوەیە یانی کە فکی ارتباطی مدیریەتێک ئەکەی بە یاسا دەکرێت بە یاسا بێت باشترە، چونکە وضوحی خۆی هەبێت لەراستیدا هەر واتان نوسیوە بە پرۆژەی یاساتان نوسیوەتەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوس بکرێن، ئەگەر بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری شارەوانی هەر کاتێک ویستیان ئیشارەتێکمان بدەنێ، ناوەکان ئەم بەڕێزانەن(عبدالخالق زەنگەنە، ابراهیم سعید، د. ادریس هادی، احمد سالار، رجب شعبان، سفر محمد حسین) کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت منەوە واتصور دەکەم ئێمە لەبەر ئەوەی کاتی خۆی بە یاسا دەرمان کردووە نەوەکو بە بریار ئەم مەسەلەیە، تەشکیلاتی وەزاری ئەبێ بە قانون دەربیکەی نەک بە بریار، ئینجا

دەمێنێتەوە لەسەر ئەصلی شتەکە و قانونەکە اسبابی موجبەی نییە بە نیسبەت ئێمەوە بزانین بۆ ئەو ارتباطە فک دەکرێت لە وەزارەتی ناوخۆوە لە کاتێکدا بەشێک لە مهام بە ئەصل مهامی وەزارەتی ناوخۆیە، یانی من پێم خۆشە بزانم ئەسبابی موجبەی ئەم قانونە چییە، و داوا دەکەم لە وەزیری ناوخۆ کە ئامادە بووە وهەندێ مەسائیل هەیە بەراستی بەنیسبەت منەوە زۆر راوەستاوە، مەسەلەی فک ارتباط زۆر مهم نییە ئەڵێ(يبقى ارتباط منتسبي قوى الامن في مديريات الدفاع المدني بوزارة الداخلية من ناحية التعيين والترقية والتقاعد والاستقالة) تەنها لەو ناحیەوە بەڵام لە ناحیەی ئەمنییەوە ئەوە شتێکی داخلیە وپەیوەندی هەیە بە ئەمنی وولاتەکەمانەوە (يخول وزير البلديات والسياحة الصلاحيات المخولة لوزير الداخلية بموجب قانون العقوبات العسكرية) لەبەر ئەوە بەنیسبەت منەوە بەراستی ئەم قانونە ارتباکێکی تێدایە و ئەسبابی موجبەی تێدا نییە وپێویستە زیاتر دراسە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان تێبینیم هەبوو لەسەر ئەسباب موجبە تاکو بتوانین دەنگی لەسەر بدەین وبزانین هۆی گۆڕینی چییە، وبڕگەکانی چوارو پێنج و شەشیش لە مادە دوو دائیمەن لە قوانینی تر بە مەواد دێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کاتە بڕگە بە بڕگە دێینە سەری، کاک د. ادریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر گرنگ بوو کە ئەو دەزگایە شمولی بریاری (٩٨٦) بکات لە بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی دابین بکرێت، بۆیە بەپێویستی دەزانین وپشتگیری لەوە دەکەم کە بخرێتە سەر وەزارەتی بلدیات، بەڵام پاش ئەوەی کە تەئکید بکرێت کە ئایا قراری ٩٨٦ تخصیصاتی لەبۆ دادەنرێت یان نا، چونکە هەندێ مدیریات هەیە بابڵێین لە وەزارەتی صناعە تەنها سێکتەری کارەباش شمولی قراری ٩٨٦ دەکات، نە بەڕێوەبەرایەتی گشتی معامل نە نەوت و کانزاکان و مدیریاتی تر هیچی شمولی ناکات، دەبێ تەحویلی ئەوە بکرێت ئەو تەحویلی کە ئەو سێکتەرە شمولی دەکات، من ئاگاداری ئەو خاڵەم ئەگەر شمولی بکات زۆر بە پەسەندی دەزانم کە ئەو تەحویلە بکرێت، چونکە لەناحیەی ئەدای واجبات سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت باشترە بەڵام بۆ ئەم مەبەستە سەر بەوەزارەتی بلدیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەوێ جەخت لەسەر لایەنی دروستی ترازاندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە واتە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئەرکێکی خزمەت گوزاریە خۆی لەچوارچێوەو بەرنامەی وەزارەتی شارەوانیدا ئەبینێت وتایبەتیشە بەشارو شارۆچکەکان لەبەر ئەوە بەکارێکی پەسەندی ئەبینین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی زۆر باشە پێنگاوەکا ژهاتیە کە بچێتە سەر وەزارەتا بلدیاتێ بەلاّم من وەکو بزانم برگە دوو لە ناحیەی تعین وترقیە وتقاعد و ئیستیقالە وابزانم کە دفاع مدنیش جل وبەرگی پێدەوێ وهەندێک شتی تایبەت پێدەڤێت و ئەگەر باسی (کسائیش) کردبا کە دەیەخست سەر وەزارەتا بلدیات چێتر بوو کە احتمالە سبەی خلافێک لنێوان وەزارەتا ناوخۆ و شارەوانی کە دێ(کساء) و جل وبەرگ وپێلاو ئەڤ شتانە دەکەوێتە سەر کام وەزارەت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر ناوی مشروعەکە هەیە، بەراستی مشروعەکە هاتووە بەناوی یاسا، وابزانم ئێمە لیژنەی یاسا هەموو متفق بووین وعلاقەتی هەیە بە قانونی دوو وەزارەت وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، جا من بە باشی دەزانم کە بەناوی یاسا بێت باشترە، لەوانەیە رای بەڕێز کاک شێروان زیاتر پێشنیار بێت چونکە لیژنەی یاسا متفق بووین کە یاسا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تصور دەکەم متفقین کە یاسا بێت چونکە تعدیلی یاسایە باوەڕ ناکەم اشکال لەسەر ئەوە هەبێت هیچ تێبینی هەیە لەلایەن وەزیری ناوخۆ؟، فەرموو.

**بەڕێز فـــاضل مـــيـــرانی/وەزیری ناوخـــۆ:**

**بـەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە راسـتـيـدا دەزگـای دفـاع مـدنی ناوە ئەصليـەكـەی مـديريەتی اطفـائە ولە زروفـيێكی ئەمـڕۆدا تايبەتمەندە ئەم ناوە لە دنيای دەرەوەش ناوی(فايەر ديپـارتمێنت)ـە مەسەلەی جەنگ و ئەوانە وای لێكردووە كە دفاع مدنی مهماتی تری پێ بسپێردرێ لايەنێكی تر واباشترە ئەم دائيرە دائيرەيەكی مـدنی يە وبە حـەقـيـقـەتيش وەكـو كـاك ئەحـمـەد سـالار گـوتی ئيش وكـاری خزمـەت گـوزاريە وشارستانيەتە، سەبەبی اقتصاديش بڕياری ٩٨٦ شمۆلێ دفاع مدنی دەكات بەو مصـتەلەحە هەتا برادەران كـاتی خۆی ناوەكەيان نووسيبوو(سيڤيل ديفێنس) بە ئينگليزی ئەمە ئەچێتە بەردەمی ئەجنەبيـەک ئەڵێ ئـەمـە بەشێكە لە دەزگـايەكی عـەسكری ناوی(فـايەر ديپـارتمێنت)ـە، مـديريە الاطفـائە فعلەن دائيرەيەكی مدنی خزمەت گوزاری و انسـانيـشە نەک تەنها خزمەت گوزاری، بە بڕيار بێت يان بە ياسـا بێت ئەوە پەرلەمـانی بەڕێز باشـتـر دەزانێت بەڵام دڵنيـاتان دەكـەين هيچ موشكيلەيەک نابێت لەنێوان تداخلی دەسەڵاتدار لەنێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی شـارەوانی، بۆ؟ چونكە تەنها بە نيسبەت مەئمورەكان تاكيد بكرێ كە ئەوانەی پۆليسن ئەمری تعين وقانونی خدمەی ترفيع و تقاعدو استقاله يـان لەلايەن وەزارەتی داخليەوەيە ومن دەڵێم برا قـانونييـەكـان باشی بۆچوونە كـە دەسـەڵاتی وەزيری داخليـە بدرێ بە وەزيری بلديات چونكە هەڵسـوڕاندنی ئەركەكان بەدەست وەزيری بلدياتە وهەڵسوڕاندنی مافەكان بە دەستی وەزارەتی ناوخۆ دەبێت، ئەو بۆ مـعـاقـەبە يان بۆ پۆليـسـێک ناتوانێ هەمـوو رۆژێک مـفـاتحـەی وەزير بكا كـەوا ئەركی هەڵسوڕاندنی وئەركەكانيش بە دەست ئەوە، لەبەر ئەوە من دەڵێم باش هاتووە لەليژنەی قـانونی وبە تصوری من ئەو ايضاحە ناوەڕۆكی ئەم مەوزوعە بەو شێوەيەيە، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزيری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز يونـادم يـوسف كـنـا/وەزیری شـــارەوانـی:**

**بـەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەئكيد لەسەر قسەی كاک فاضل دەكەم احتماله لە هەموو دەوڵەتانی ديموكراتی ئەوەی عسكری ئەو شـتـانە لە دوائری اطفـا نيـيـە، بەڵكو لە دوائری هەمـوو جيـهـان بەتايبـەتی لە دەوڵەتانی ديموكراتی دائيـرەيەكی زۆر مدنيـيـە وسەر بە وەزارەتی مـدنييـە لەبەر ئەوە زۆر اعـتـيـاديە سەر بە دائيـريەكی مـدنی بێت وهەر لە ئەسبـابی مـوجـبەش ئەوەيە هەروەكو برادەران فـەرمـوويان لەسـەر بڕياری ٩٨٦ رەنگە لە دائيرەيەكی مدنی بتوانين پێويستيـەكـانی دفـاع مدنی ئـاسان بێت وئەگەر لەدائيرەيەكی عـسكری بێت تەنها لێرە ناحيـەی تعين و ترقيـە وتقاعد و اسـتـقـاله ئەوە شـتێكی تەبيـعی يە لـەسـەر وەزارەتی نـاوخـۆيە بەڵام هەرچەندە مـوشكليش نابێت بەڵام تەنسيق بكرێت

سبەینێ لە سەر داوای وەزارەتی شارەوانی بێت و ناوخۆ بڵێت فلان کەس داوای تقاعد دەکات یان داوای ترقیە دەکات لەوانەیە یەکسەر ضابطێک سحب بکرێت یان نقل بکرێت یان تبدیل بکرێت لەوانەیە تۆزێک ارباک دروست بکات، لەبەر ئەوە ئەگەر بەتەنسیق بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تصور دەکەم لەسەر تەسبیت کردنی کە یاسا بێت یان بڕیار کفایەتە مناقەشەی لەسەر کرا، لەراستیدا ئەبوایە مشروعەکە لەسەر ئەساسی مەشروعی هەموار کردنی یاسای وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی شارەوانی بوایە بەڵام مەوزوعەکە پەیوەندی تەنیا بە دوو وەزارەت هەیە دەتوانرێ وەکو یاسایەکی تایبەت بڕیاری لەسەر بدرێت ولە وقائعی کوردستان دوایی بڵاو بکرێتەوە بەڵام بەپێی ئەو بڕیارو ئەو قانونە ئەبێ ئەو تەشکیلاتە تازەیە لەسەر وەزارەتێک لابدرێت بخرێتە سەر وەزارەتی تر، یاسای وەزارەتەکە دەبێ داخل بکرێت پاش ئەوەی بڕیاری لەسەر دراوە بۆ وضوح زیاتر حەزمان کرد باسی ئەمە بکەین ئێستا دێینە سەر پڕۆژەکە خاڵ بە خاڵی ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەگەر تێبینی هەبێ دەربارەی خاڵ بەخاڵ بۆ ئەوەی مناقەشە بکرێت، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**اولاً:**

فك ارتباط مديريات الدفاع المدني لمحافظات الاقليم من وزارة الداخلية بكافة ملاكاتها وسياراتها والياتها واجهزتها وممتلكاتها ومراكز الاطفاء التابعة لها و ربطها بوزارة البلديات والسياحة من الناحية الوظيفية والفنية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی لەسەر نییە؟، هەروەها لیژنەی ناوخۆ تێبینی لەسەر نییە؟، لیژنەی شارەوانی نییە؟، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سیارەش هەر ئالیاتە کلمەی سیارات لێرە زیادە، الیات هەیە شملی هەموو سیارات و مکائنیش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، باناونوسیان بکەین، فەرموو کاک محەمەد حەسەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەوە بە یاسا دەربچێت دەبێت (اولا) ببێتە(المادة الاولی) نابێت هەروا بمێنێتەوە ئەگەر بەقانون دەرمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە المادە الاولی، تکایە (المادة الاولی) بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة الاولی:**

فك ارتباط مديريات الدفاع المدني لمحافظات الاقليم من وزارة الداخلية بكافة ملاكاتها وسياراتها والياتها واجهزتها وممتلكاتها ومراكز الاطفاء التابعة لها و ربطها بوزارة البلديات والسياحة من الناحية الوظيفية والفنية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم بەو شێوەی خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... بەتێکڕای دەنگ ماددەکە وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة الثانية:**

يحتفظ رجل الشرطة والاطفاء بنفس رتبه ودرجاته الوظيفية الحالية و يطبق بحقهم قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخلي رقم (١) لسنة ١٩٧٨ المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی سێ تێبینیم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابچینە ئەوێ، ئەوە بەتایبەتی باسی دەکەین، ئێستا تەنیا باسی یەک دەکرێت، خاڵی یەک کە کراوە بە ماددەی دوو تێبینی تر نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو

بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة الثالثة:**

يبقى ارتباط منتسبي قوى الامن الداخلي في مديريات الدفاع المدني بوزارة الداخلية من ناحية التعيين والترقية والتقاعد والاستقالة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەڕێز کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕگەیە تناقض دەکات لەگەڵ وشەی یەکەم لە ئەوەڵەن دەڵێ (فك ارتباط مديريات الدفاع المدني بكافة ملاكاتها) لێرە تەنیا ارتباطەکە دەمێنێتەوە شتێک دژی شتی ترە دوو شتی متناقضن دوایی وەزیر بۆ ارباکێکە خطەی خۆی نازانێ ناتوانی ئەو تەعینی بکات یانی دەبێ وەزیری مختص تعینی بکات، وەزیری مختص لێرە وەزیری بلدیاتە ئەو دەزانێ چەند کەس تەعین بکات چەند تەعین نەکات نەک وەزارەتی ناوخۆ، دوایی محتاج نییە دەتوانێ احالەی تقاعدیان بکات، دەتوانێ دوایی فصلیان بکات دەسەڵاتی نییە، ئەو ماددەیە ئیلغاء بکرێت ئەو شتە نەمێنی بەرای من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تصور دەکەم ئەگەر بە شرطە نەمێنن دەتوانرێ ئەو ماددەیە نەمێنێ، بەڵام مادام بەخۆیان بە صفەی قوی ئەمنی داخلی دەمێنن ناحیەی ترفیع وترقیە وتقاعدی دەبێ هەر عایدی ئەو قانونە بن، بەڕێز کاک رجب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا چارەسەرییەک بۆ جلوبەرگ بکەن و، «کیساء»ی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا لە رووی دامەزراندنەوە، زۆر ئاساییە کەوا وەزارەتی ناوخۆ دامەزراندن بکات، بەڵام دەبێت بەگوێرەی پێویستی ملاکاتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بێت، دەبێت لێرە باسی وەزارەتی

شارەوانی و گەشتوگوزار بکرێت، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوبراودا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییەکتان هەیە؟، نییە، بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز فازل میرانی /وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمان کاتێ یاسایەک دەردەکات، ورد کردنەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران دەیکات ئەویش بە دەرکردنی ڕێنمایی «تعلیمات» وملاکات و جلوبەرگ و ئەم جۆرە شتانە بۆ خۆتان مەکەنە گرفت، چونکە ئەوە گرفتی وەزارەتەکانە، هەتاوەکو کە ملاکات دادەنرێت نە ئێمە و نە وەزارەتی شارەوانی ئەگەر پشتیوانی وەزارەتی داراییمان نەبێت ناتوانین دیاری بکەین، جا لەبەر ئەوە ئێوە بڕیارەکە دەرکەن و ڕێنماییەکانی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمیشە ڕێنمایی ڕوونکردنەوەی یاساکەیە، ئەگەر شتێک ڕوون نەبێت ئەوە بە ڕێنمایی ڕوون دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟، نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٣»دایە بەم شێوەیە کە گوێیان لێ بوو؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ماددەی «٤».

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة:

يخول وزير البلديات والسياحة الصلاحية المخولة لوزير الداخلية بموجب قانون العقوبات العسكري رقم «١٣» لسنة ١٩٤٠ المعدل وقانون أصول المحاكمات العسكرية رقم «٤٤» لسنة ١٩٤١المعدل فيما يتعلق بتوجيه العقوبات لمنتسبي قوى الامن الداخلي في مديريات الدفاع المدني.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

ئەم ماددەیە زۆر روون نییە، لەلایەکەوە «یبقی ارتباط منتسبي قوی الامن الداخلي في مدیریات الدفاع المدني بوزارة الداخلیة» لەلایەکی تریشەوە «العقوبات بما فیها صلاحیات الوزیر بموجب قانون العقوبات العسكریة وقانون أصول المحاكمات العسكریة» من وای بۆ دەچم کە دژایەتییەک هەیە و، ئایا ئەو دەسەڵاتەی کە دەدرێت بە وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ دەدرێت بە وەزارەتەکانی تر؟، من وا هەست دەکەم ئەم دوو ماددەیە نەختێ هاودژن، جا پێم خۆشە کەوا روونی کەنەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

ئەگەر خاڵی دووەمی تیادا نەبێت، واتا «فک الارتباط» نییە، خاڵی دووەم وا دەکات کەوا «فک الارتباط» کاریگەر بێت، ئەگەر وەزیر دەسەڵاتی نەبێت سزای فەرمانبەرەکانی خۆی بدات، ئەو کاتە هیچ پەیوەندییەک نامێنێت لە نێوان بەڕێوەبەرایەتییەکان و وەزارەتە کە، جا لەبەر ئەم هۆیە، بەڕێز وەزیری ناوخۆش ئەگەر ئێستا بفەرمووێت وڵامی بداتەوە.

**بەڕێز فـــازڵ مــیــرانی / وەزیری نـاوخـــۆ:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

باسی ئەوەمان کرد کەوا ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەرکەکان دەکەوێتە سەر شانی بەڕێز وەزیری شارەوانی، هەر کارمەندێک ئەرکی بەدەستەوە بێت و وەزیرەکەشی دەسەڵاتی سزادانی نەبێت، ئەوە هەڵبەتە «عـصیـان» روو دەدات و پشت گوێ خستن پەیدا دەبێت، لەبەر ئەوە دەسەڵاتی سزادانی ئەفسەر و پۆلیسی بەرگری شارستانی لە دەستی وەزیری شارەوانی بێت، ئەگینا بە بیانووی ئەوەی کە سەر بە وەزارەتێکی ترن کەم تەرخەمی لە کارەکانی خۆیان دەکەن و، حیکمەتیش لەمەدا هەر بۆ ئەم مەبەستە بووە، بۆیە وتم لیژنەی یاسایی شتێکی دروستیان دارشتووە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز مــحـــــمـــــەد حـــەســـەن باڵـەتە:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

هیچ دژایەتییەک نییە، ئەگەر ماددەی «٤» بخوێنینەوە دەبینین دەڵێت«یخول وزیر البلدیات»، یاسا دەسەڵاتی «تخویل»ی پێ بەخشیوە، خۆی لەبنەڕەتدا دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام لێرە «تخویل»ی داوەتێ، ئەوی تر بە یاسا «فک الارتباط»ی کردووە، بەڵام من روونکردنەوەیەکم

دەوێت لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ، ئەویش «كافة العقوبات فيما يتعلق بتوجيه العقوبات لمنتسبي قوى الامن الداخلي في مديريات الدفاع المدني و إحالة الضابط أو الشرطي الى المحاكم العسكرية» ئەوە سزا نییە بەڵکو «إحالە»یە، جا ئایا ئەوە وەزارەتی ناخۆ ئەو «إحالە»یە دەکات، یا وەزیری شارەوانی دیکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

«إحالە»ی تیادا نییە، بەڵکو سزا دانە، بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەوەی مافی سزای هەبێت و، مافی رەوانەکردن بۆ سزادانی هەبێت، چونکە رەوانە کردن بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە، یا بۆ دادگا دیار نییە سزا دەدرێت، یا بێ گوناە دەردەچێت، جا من دەڵێم ئەو «تحويل»ە کە دراوە ئەوەش دەگرێتەوە و لەوەش گەورە ترە، چونکە ئەوەی دەسەلاتی گشتی هەبێت، دەسەلاتی بەشێکیشی دەبێت، لەبەر ئەوە من دەڵێم ئەمە لە دەسەلاتی وەزیری شارەوانی دەبێت، چونکە رەوانە کردنی فەرمانبەرێک بۆ دادگا لە دەسەلاتی ئەو دەبێت، لەبەر ئەوەی مادام دەتوانێت سزا بدات دەتوانێتیش رەوانەی دادگای هێزی ناوخۆشی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راستیدا بەپێی یاسا وەزیر دەسەلاتی هەندێ سزای هەیە، لەوە زیاتر دەبێت رەوانەی دادگای سەربازی بکات، بەڵام بەو شێوەیەی کە لێرە لە پرۆژەکەدا هاتووە، وا دەریدەخات کەوا مافی ئەوەی نییە رەوانەی دادگای سەربازی بکات، جا پرسیارەکەی کاک محەمەد لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر ئەوە روون بکرێتەوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ فەرمووی مافی رەوانەی هەیە بۆ دادگای سەربازی، جا ئێستا من تێبینیم هەیە کەوا «وإحالته الى المحاكم العسكرية»ی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر ئەم زیادەیەی بخرێتە سەر لەوانەیە روون تر بێت،(يخول وزير البلديات والسياحة الصلاحيات المخولة لوزير الداخلية بموجب قانون العقوبات العسكري رقم «  » وقانون أصول المحاكمات العسكرية المعدل فيما يتعلق بتوجيه العقوبات لمنتسبي قوى الامن الداخلي في مديريات الدفاع المدني وإحالتهم الى المحاكم العسكرية)، یا هەمووی لابرێت، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

المادة الرابعة:

یخول وزیر البلدیات والسیاحة الصلاحیة المخولة لوزیر الداخلیة بموجب قانون العقوبات العسکري رقم «١٣» لسنة ١٩٤٠ المعدل وقانون أصول المحاکمات العسکریة رقم «٤٤» لسنة ١٩٤١المعدل فیما یتعلق بتوجیه العقوبات لمنتسبي قوی الامن الداخلي في مدیریات الدفاع المدني وإحالتهم الی المحاکم المختصة.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تێبینی من لەسەر ئالیەتی جێبەجێ کردنی ئەم خاڵە بوو، چونکە ئەگەر ئەم زیادەی دواییەی کە خرایە سەر ماددەکە روون تر دەکات، چونکە ئەگەر وانەبووایە لەوانەبوو کێشەیەکی لێرەدا دروست کردبووایە، چونکە هیچ دادگایەکی لێکۆڵینەوەی هاوبەش نییە لە نێوانیاندا، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئـیـــــدریس هـادی ســـــالـح:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەنگ دەرنەچووە...

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟،نییە، کەواتە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە بە هەموارکردنەوە دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. دێینە سەر ماددەی «٥».

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

المادة الخامسة:

لا یعمل بأي نص یتعارض وأحکام هذا القانون.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەست بەرز کەنەوە، نییە، کەواتا بەو شێوەیەی خوێنرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟ .. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، نییە، کێ لەگەڵ ماددەی «٦» دایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، ماددەی «٧» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة:

ينفذ هذا القانون أعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کێ تێبینیی هەیە لەسەر ماددەی «٧»، نییە؟، کێ لەگەڵ ماددەی «٧»دایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئێستاش یاساکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە بەگشتی؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵدا نییە؟.. بە گشتی دەنگ یاساکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، پێشنیارێکیش هەبوو بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە کرا کەوا نووسراوێک ، یا بروسکەیەک ئاراستەی کۆنگرەی ئیسلامی لە دۆحە بکرێت و، ئێمەش پەسەندی دەکەین کەوا نووسراوێک رەوانەی کۆنگرەی ئیسلامی بکرێت، دووبارە سوپاسی بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری شارەوانی دەکەم بۆ ئامادە بوونیان لەم دانیشتنەدا و لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین و، دانیشتنی داهاتوومان سبەی سەعات «١٠» دەبێت، سوپاس.

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**خاوەن شکۆ شێخ حەمەد بن خەلیفە ئال ثانی بەڕێز**

**سەرۆکی کۆنگرەی نۆیەمی سەرانی ئیسلامی ـ الدوحة**

گرێدانی کۆنگرەی نۆیەمی سەرانی ئیسلامی لە دەوڵەتی «قطر»مان بەهەل زانی بۆ ئەوەی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە ئاواتی سەرکەوتن بۆ ئەو کۆنگرەیە بخوازین ئامانجەکانی خۆی بهێنێتە دی کە بەر لە هەموو شتێ بۆ بەدەنگەوەچوونی گەلی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لەسەر گشت خاکی فەلەستین و قودسی پیرۆزی پایتەختی خۆی، سازداوە. گەلی کوردمان دەمێکە بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی خۆیەوە دەنازێ و بەچاوی عەزیەت و شانازی و پرشکۆوە لە قوربانی دانی رۆڵەکانی خۆی دەڕوانێ کە لە رێگای ئازادکردنی «اولى القبلتين وثالث الحرمين»دا لە ژێر فەرماندەی رۆڵەی سوارچاکی خۆیان سەلاحەدینی

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٤
مێژووی بڕیار: ٢٠٠٠/١١/١٢

«بڕیار»

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٤)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/١١/١٢)یدا بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢) ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٠)**

**یاسای دابڕکردنی بەڕێوەبەرییەکانی بەرگری شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆ**

ماددەی یەکەم:

دابڕینی بەڕێوەبەرییەکانی بەرگریی شارستانیی هەموو پارێزگاکانی هەرێم بە هەموو میلاک وئۆتومبیل و ئالیات و جیهازو موڵک ومەرکەزی ئاگر کوژاندنەوەیانەوە لەوەزارەتی ناوخۆو، بەستنەوەیان بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزارەوە لەڕووی لایەنی فرمانی وهونەرییەوە.

ماددەی دووەم:

پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە هەمان روتبەو پلەی ئێستای فرمانەکەی خۆی دەبێت و یاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٧٨ ی خزمەت گوزاری وخانەنشینیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی بەسەردا دەخرێتە کار.

ماددەی سێیەم:

لایەنی دامەزراندن و ترقیە وخانەنشینی ودەست لەکار هەڵگرتنی کەسانی سەر بەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەبەڕێوەبەرییەکانی بەرگری شارستانیدا، لەوەزارەتی ناوخۆ دەمێنێتەوە.

ماددەی چوارەم:

هەمان ئەو دەسەڵاتەی کە بەپێی یاسای سزا سەربازییەکانی ژمارە (١٣)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٤٠ ویاسای ئوسوڵی دادگایی سەربازیی ژمارە (٤٤)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٤١ بە وەزیری ناوخۆ دراوە، بە وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار دەدرێ بۆ سزا دان و بەدادگادانی ئەوانەی لەبەڕێوەبەرییەکانی بەرگریی شارستانیدا سەر بەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆن.

ماددەی پێنجەم:

هەر دەقێک پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ کاری پێ ناکرێ.

ماددەی شەشەم:

پێویستە وەزارەتە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

ماددەی حەوتەم:

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی وقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**